**هاشم کاکەیی**

# ئەستێرە گەشەی ئاسمانی شارەزوور

# «سولتان ئیسحاقی بەرزنجی»

بەشی یەکەم

**شوێن و مێژووی لە دایك بوونی :**

بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە ساڵی لە دایك بوونی سولتان ئیسحاق بەم جۆرەیە : «(٥٢٨ك) ، (٤٤٥ك) ، (٦١٢ك/١٢١٤ز) ، (٧١٦ك/١٣١٦-١٣١٧ز) ، (٦٧١ك/١٢٧٢ - ١٢٧٣ز)[١] . دیارە ئەم مێژووانەش هەر یەکەیان دژی ئەوی دیکەیەو کەسێکیش دایناوون ، بە بێ لێکۆڵینەوە ، بۆ نموونە ئەم پەخشانەی کتێبی نووسەر (ماشەڵڵا سوری) وەر ئەگرین ، تێیدا هاتووە ئەڵێ : (بنیامین هەم ئارمای کەرد هەفت خەلیفە قەرار مەدەری ڤە جای وێم . ڤە کلام فرە هەنەن تا ئاما وە دەورەی (سوڵتان سەهاك) ڤە پردیوەر یانەیێ (شێخ عیسی بەرزنجانی) ڤە ساڵ (٥٢٨) هیجری ، ڤە لە ئەو ساڵ پیر مەرەمۆ تەشریف بەرد ڤە دین حەقیقەت ئاشکار کەرد)[٢] ئەوەی جێگای سەرنج بێ لەم پەخشانە ئایینیە ، لە بارەی مێژووی پەیدا بوونی ئیسحاق ، لێرەدا نووسرابوو (٥٢٨) . کەچی لە نووسینە لاتینییەکەی نووسەر ساڵی (٥٧٨) نووسراوە ! نازانرێ نووسەر کامیانی بە ڕاست زانیوە ؟ ! مێژووی ڕاستەقینەی ئیسحاق بەم جۆرەیە بەگوێرەی ئەم بۆچوون و لێکدانەوەیە ، لەبەر ئەوەی سەرچاوەکان ڕایان گەیاندووە ، کە (شێخ عیسێی بەرزنجی)[٣] لە ساڵی (٧٥٤ك) کۆچی دوایی کردوەو ، هەروەها (پیر میکائیل داودان)[٤]ی لە ساڵی (٦٥٨ك) بۆ (٧٣٦ك) ژیاوەو ئەم دوو زاتەش پەیوەندییان بە ژیانی سوڵتان ئیسحاقەوە هەیە لە بەر دوو هۆی سەرەکی :

١ - شێخ عیسێ باوکی ئیسحاقە ، بە گوێرەی قسەی ئیسحاق خۆی کە فەرموویە :

**«عیسێ باوەما . .**

**(داود) باب عیسێ ، (عیسێ باوە)ما**

**(شێخ) و (بەرزنجە) ، حاجی (کاوە) ما[٥]»**

کەواتە شێخ عیسێ بابی ئیسحاقە . شێخ عیسێ و شێخ موسێ ، ئەو دەمەی هاتنە شوێنی تەکیەی بەرزنجە . . لە ساڵی (٦٨٦ك)[٦] دا بوو . واتە هەردوو گەنج بوون و هاوسەریان پەیدا نەکردبوو . جا لەبەر ئەوەی شێخ عیسێ لە ساڵی (٧٥٤ك) دونیای جێ هێشتووە ، ئەبێ مێژووی لە دایك بوونی ئیسحاق کوڕی لە نێوان ئەم دوو مێژووەدا پەنگ بخواتەوەو دیاری بکرێت .

٢ - لەبەر ئەوەی (پیر میکائیل داودان)ی ، پیاوێکی سەردەمی ئیسحاق بووەو یەکیان بینیوە بە تایبەت . . لەو کاتەی سوڵتان لە بەرزنجەوە هاتووەتە (پردیوەر)ی ناوچەی هەورامان و ، ویستوویەتی شاری پردیوەری دێرین بسازێنێ و بیکاتە بنکەی دەست پی کردنی ڕێبازەکەی . پیر میکائیل لە پێش دا بەر هەڵستی و نارەزایی خۆی دەربڕیوە . . لەبەر ئەوەی ئەو زەوییانە موڵکی ئەو بوونە . پاشان ئەوپەڕی ڕێزی لە سوڵتان و ڕێبازەکەی ناوەو ڕێگای داون بۆ دروست کردنی شاری پردیوەر . لەم پارچە سرووده ئایینیە پیرۆزە ئەو قسانەی سەرەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە بریتییە لە گفتو گۆی نێوانی هەردوو لایان :

**«ئەو (پیر میکائیل) دەودانی ماوا**

**چەنی (شاهـ سەهاك) ، کەردەبی داوا . .**

**ئـــاواز کـــەرد واتش ، ئـــەر هـــەی شاسەهـــاك**
**پـــەی چـێش ئـــامـــانی تو نی مـــاواو خـــاك**
**قـــبولْم نی یـــەن تو نـــە (پـــردێوەر)**
**بســـازی یـــانـــە بەنای هونـــەر . . »[٧]**

سەرچاوەیەك مێژووی پیر میکائیل داودانی بەم جۆرە ڕاگەیاندووە : (٦٥٨ك) بۆ .(٧٣٦ك)[٨] . ئەبێ مێژووی پەیدابوونی ئیسحاقیش لە مێژووی مردنی پیر میکائیل تێ نەپەڕێ .

٣ – لە ئەنجام دا ئەڵێین ، ئەو مێژووەی (٧١٦ك) پەسەند ئەکرێ بۆ لە دایك بوونی ئیسحاق ، لە ناو ئەو مێژووانەی دیاری کران . . بە گوێرەی ئەم بۆچوونەمان :

لە ساڵی (٦٨٦ك) شێخ عیسێ ژنی نەهێناوەو لە ساڵی (٧٥٤ك) کۆچی دوایی کردوە . کەواتە لە (٧٥٤–٦٨٦=٦٨) ساڵ ژیاوە + ئەو تەمەنەی هەیبوو کاتێ هاتە شوێنی تەکیەی بەرزنجە . گریمان لە (٢١) ساڵ کەمتر نەبووە . کەوابوو ئەڵێین (٦٨٦–٢١=٦٦٥) مێژووی لە دایك بوونی شێخ عیسێ (بەنزیکی) . گریمان ئەو تەمەنەی شێخ هەیبوو کاتێ هاوسەری دووەمی هێنا تەمەنی (٥٠) ساڵان بووە . کەواتە (٦٦٥+٥١=٧١٦) ئەکاتە مێژووی لە دایك بوونی سوڵتان ئیسحاق .

٤ – بۆ مێژووی ماڵ ئاوایی کردنی ئیسحاق لە ژیان ، نووسیویانە لەم ساڵانەدا کۆچی دوایی کردووە «٦٢٨ك ، ٩١٢ك ، ٥٨٨ك»[٩] . دیارە ئەم مێژووانەش لە ڕاستی‌یەوە دوورن ، هەر چەندە ئەڵێین ئیسحاق ماوەیەکی درێژ ژیاوەو تەمەنی کردووە ، بەڵام لە گەڵ ئەو لێ کۆلینەوەیەی کرا بۆ مێژووی هاتنە دنیای ئەم مێژووانە بە هەڵە ئەکەونەوە . هەر چەند تەمەنی ئیسحاق درێژ بووبێ ، لەوانەیە لە ٨٠ ساڵ پتر نەبێ ، کە مێژووی کۆچی دوایی کردنی لە (٧٩٦ك) تێ ناپەڕێت .

**ژیانی سوڵتان ئیسحاق :**

ناوی ڕاستەقینەی (ئیسحاق)ە ، کوردەکانی ناوچەی هەورامان لەبەر ئەوەی گۆ کردنی وشەی بێگانەیان لەسەر زاردا



گۆڕی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی △

قورس بووە ، ویستوویانە ئەو جۆرە وشانە بتاشن‌و لە گەڵ زمانی کوردی ئەو دەمەی گۆران دا بگونجێ‌و ئاسان بێ بە ئیسحاقیان وتووە (ئیساق ، سەهاق ، سەحاك ، سەهاك) . سوڵتان ئیسحاق لەبەر ئەوەی توانیویە گۆرانەکانی شارەزوورو هەورامان یەك خات‌و ڕێبازێکی نوێ دامەزرێنێ‌و ببێتە سەرۆکی ئایینی ناوچەکە بە نواندنی کاری پڕ لە موعجیزەو کەشف‌و کەرامات . خەڵکی ناوچەکەش لەبەر گەورەیی‌و ڕێز گرتن لە پایەو مقامی ئەو ، وشەی (سوڵتان ، مەولا ، شاهـ ، کاکە)[١٠] یان بە سەردا دابڕیوەو بووەتە (سوڵتان ئیسحاق)و بە(شاهـ سەهاك) یش ناویان بردووە .

مامۆستا جەمیل ڕۆژبەیانی لە نووسینەکانی دا ، (سوڵتان سەهاك)ی بە دوا ئیمپراتۆری (ماد)ەکان ، (ئاستیاگ)[١١] زانیوە ! نازانم هۆی ئەوەیە ئەو شوێنەی بە (دووکانی داود) ناسراوە لە مێژوو ، کە بریتی‌یە لە خانوویەك‌و دوو گۆڕی پادشای ما.دەکانی تێدایە بە ناوەکانی کیاکسارو ئاستیاگ ؟ یان لەبەر ئەوەی کە (داود) یاری ئیسحاق بووەو ئەو گۆڕستانەش بە ناوی ئەمەوە ناوی لێ نراوە ! ؟ هەر چۆن بێت ناوی ئاستیاگ هیچ پەیوەندی بە ناوی (ئیسحاق‌و سەهاك)ەوە نی‌یە .




دیاری کردنی شوێنی جوگرافیو دابەش بوونی هۆزەکانی کاکەیی
...۸ کۆچی بۆ ١٤٠٥ ك .
شوێنی نیشتەجێ بوونی کۆن .
شوێنی نیشتەجێ بوون لە کۆن و ئێستا .
ۆڕی پیاوە پیرۆزو ئایینی یەکانیـان

راستە ئەو شوێنەی بە دووکانی داود بەناوبانگە ، بە شوێنێکی یرۆزی پیر داودی یاری سوڵتان ئیسحاق زانراوە لای پەیرەوانی ڕێبازەکە ، بەوەی داود ماوەیەك لەو شوێنە دەزگای ناسن گەڕێتی دامەزراندوە .

سوڵتان ئیسحاق لە دێی (بەرزنجە)ی پیرۆز ، سەر بە شاری سلێمانی کوردستانی عێراق ، لە بنەماڵەیەکی کوردی ئایینی پەیدا بووە . باوکی شێخ عیسێی کوڕی بابا عەلی هەمەدانی یە . دایکیشی (خاتوون دایەراك)ی دووەم هاو سەری شێخ عیسێیە ، بە (ڕەزبار ، ڕێزوان) ناسراو بووەو کچی سەرۆك خێڵێکی گۆرانی کوردەواری‌یە بە ناوی (حوسێن بەگی جەرد) ، لە کەشکۆڵە پیرۆزەکانی ڕێبازەکە ناوی بابی خاتوو دایەراك بەم جۆرە هاتووە :

**«کـاکـام ئـیبراهیم سەر خـێڵ بێ نـەو خـاك (حوسێن بـەگ جـەرد) بێ ، بـابۆی دایـەراك»**[12]

گەشە کردن و پێ گەیشتنی سوڵتان لە بەرزنجە دا دەست پێ ئەکات تا کۆچ کردنی شێخ عیسێ . سوڵتان لەم ماوەیەدا هەموو جۆرە زانیاری یەکی ئایینی بە دەست هێنابوو ، ئاشنای پیاوە ئایینی‌یەکانی سەردەمی باوکی بوو ، ڕەنگە زۆر شوێنی دیتبێ بۆ بە دەست هێنانی زانیاری ئایینی . . هتد . لە پاش کۆچ کردنی باوکی ، وا دیارە ناخۆشی ئەکەوێتە نێوان خۆیو براکانی (سید عبد القادر ، سید عبد السلام ، سید عبد الکریم)[13] ، لەسەر ئیرشاد کردن ، یا ماڵو میرات بەش کردن . ناکۆکی نێوانیان چار ناکرێ . . بۆیە سوڵتان لێیان زیز دەبێتو بەرزنجەی شوێنی دایك زادەی بە جێ دێڵێو ئەچێتە سەر زەوی هەورامان بە دێی پردیوەرو پاشان بە دێی (شێخان)ی نەوسوود ، لەو شوێنەدا ئەگیرسێتەوە تا کۆتایی ژیانی . لەوێ زۆر لە مێردانی خواناس هاتوونەتە لایو زۆر لە برادەرو یارانی خەڵکی عێراقو بوخاراو شامو زۆر جێو شوێنی دوورە دەستی ئەو ناوچەیە بوونەو بە خزمەتی گەیشتوون . دیارە سوڵتان کاتێ چووە هەورامانو جوانرۆو گۆران وشارەزوور ، کێوەکانی شندرویو داڵەهۆی بۆ کارو دەست پێ کردنی ڕێبازەکەی[14] پەسەند کرد ، برێ لە یارانی خوی هەڵ بژاردو بەرزنجەی شوێنی دایك‌زادەیو دێیەکانی شارەزووری نایە ژێر سەر بۆ ئەم مەبەستە . سوڵتان لە پردیوەر نەك هەر تەنها کۆمەڵە خێڵەکانی خۆی تێ گەیاند لە بارەی ناوەڕۆکی ڕێبازەکەی ، بەڵکو بە هەموو گوندەکانی ئەو ناوچانە بیرو باوەڕەکانی ڕێبازەکەی درکاندو بە خەڵکەکەی ناساندو ئاوازەیەکی خۆشو پیرۆزی لە نێوان ئەو خەڵکەو یارانی‌دا بە دەست هێنا . سوڵتان سەهاك ، یارو براو کاك ، کاکەی گشت یاران ، گوڵی ناو گۆران ، زاناو دانا لەم ڕێگاو بانا ، داهێنەر یاری (المؤاخاة) ، بۆ یادگاری ، ئاواز شمشاڵو نایی پڕ بوون لە باسی خوایی ، لە بەرزنجەوە بەرەو کورد گۆران . هەگبەی هەڵگرتو چووە هەورامان شارو دێهاتی هەموو شارەزوور ، بوونە بنکە بۆ یارانی مەسروور ، گوڵبانگی یاریی نەوای بێداری هەڵسە هەڵسە بوو بۆ ڕێباز یاریی ، لە شاخ و یاڵو لە دەشتو هەردە ، هو هوی صۆفی بوو بۆشای‌پشت پەردە ، یاری پەیدا کرد لە زۆر جێگاوە ئاشنای خۆی کردن بەم ڕێو ڕێگاوە ، گرۆ گرۆ خەڵك دەستە بە دەستە ، لە کوردان هاتوون کەمەریان بەستە . سەراپای

کوردستانی کردوە بە جێگاو لانی ، لانی هەمیشەی یارانی :
چادرگە وەزگێڵ شاری پردیوەر ، گریانە بەرزنج خورماڵ
گوڵعەنبەر ، شندروێ هاوار تەپەی سۆ سەرگەت ، گوڵپەت
مەڕ نەوی دەودانو عەربەت ، دەرەشیش تەشار سەراوو
سازان ، بالاّموّسیێ قاڵتان کەس نەزان ، هاوارە کۆن دەرەتوێ
مۆردین ، کانی پیرۆزە باوەو شێخان هۆرین ، بەڵخەی
نەزرگەی پیرموسیێ شارەزوور ، نەزرگەی شاخۆشێن نەزرگەی
میری سوور .

**بۆچی ئیسحاق ڕووی کردە ناو هۆزەکانی گۆرانی شارەزوورو هەورامان ؟ !**

ئیمە ڕوونمان کردەوە کە سوڵتان ئیسحاق لە بەرزنجەی ناوچەی شار بازێری کرمانج ، لە دایك بووە لە ئافرەتێ بە نێوی خاتوو دایەراكو ئەم ئافرەتەش کچی یەکێك لە سەرۆك خێڵەکانی گۆرانی شارەزوورو هەورامان بووە . ئیسحاقیش جگە لە زاری کرمانجی ، زمانی دایكو خاڵوانی خۆی بە چاکی زانیوە . . بۆیە کردوویە بە زمانی ڕێبازەکەی ، ئەمە لە لایەکەوە . لە لایەکی ترەو ، لەبەر ئەوەی خاڵوانی خاوەن دەسەلاّت بوون لە ناوچەی گۆرانەکان ، بۆیە لە کاتی بەجێ هێشتنی بەرزنجە پەنای پێ بردوون ، گۆرانەکانیش پێشوازی یەکی گەرمیان لێ کردووە .

**گۆران کێن و بە کێیان وتووە گۆران ؟**

١ – مێژوو نووسی بە ناوبانگی کورد (میر شەرەف خانی بەدلیسی) ، نەتەوەی کوردی لە باری کۆمەلاّیەتی و زاراوەوە بەسەر چوار لقی گەورەدا ، دابەش کردووە :
(کرمانج ، لور ، کەلهور ، گۆران) [١٥] .

٢ – خۆرهەلاّت ناس (مینۆرسکی) ، چەند وتارێکی دەربارەی (گۆران) بلاو کردوەتەوە جەوهەری ئەو وتارانەی ئەوەیە کە گۆران زمانەو (هەورامانی ، لوری ، لەکی ، زازایی ، باجەلانی ، زەنگەنەیی ، کاکەیی) . ئەگرێتەوەو هەریەکە لەوانە بە وەچە زایەکی(گۆران) لە قەڵەم دەدرێ

**٣ – مامۆستای خوا لێخۆش بوو (تەوفیق وەهبی) وای بۆ چووە (شێوەی گۆرانی زمانی کوردی لە چەند شێوەیەکی بچووکی** ناوچەیی پێك هاتووە وەکو شێوەکانی تری زمانی کوردی کە ئەوانیش لە شێوەی بچووکی ناوچەیی تر پێك هاتوون . ناوبراو یەکەمین کەسێکە زانستیانە لەم مەسەلەیەی کۆڵیبێتەوەو سنووری ئەو ناوچانەی کێشا بێ کە بە شێوەی گۆرانی دەدوێنو شێوە بچووکەکانی هەموو شێوە گەورەو بنچینەیی یەکانی زمانی کوردی دیاری کردوە . . لە بابەت شێوەی گۆرانی یەوە ، وتوویەتی لەم شێوە بچووکانە پێك هاتووە (هەورامانی . زەنگەنە . کاکەیی ، باجەلانی) [١٧] .

٤ – هەروەها مامۆستا (تەوفیق وەهبی) ، ئەڵێ «کاکەیی یەکانی (ئەهلی هەق ، عەلی ئیلاهی) شارەزووریان کرد بە سەر زەمینی موقەدەسیان ، وە شێوەی (گۆرانی)ی بە زمانی دینی یان ، کەچی سوڵتان «سەهاك» خودای کاکەیی (ئەبوایە بیوتایە گەورەی ڕێبازی ئەهلی هەق) . خۆی خەڵکی بەرزنجە بوو کە دێیەکە لە شار بازێری کرمانجی . لەو سەردەمەدا زمانی شیعر لە شارەزووردا گۆران بوو ، وە ئەدەبی دینی کاکەیی یەکانیش بە شیعر دەستی پێ کردبوو کە تا ئێستاش وا ماوەتەوە» [١٨] .

ئەدەب ناسانی کورد دەربارەی سەرەتای ئەدەبی کوردی نووسراو ، پەنا ئەبەنە بەر زاری گۆران . . واتە یەکەم هۆنراوەی کلاسیکی کوردی نووسرابێتەوە . ئەگەڕێتەوە بۆ شێوەی گۆرانو بەم زارە وتراوە . دیارە هۆی ئەمەش پەنا بردنە بەر میر نشینی ئەردەلانی یە کە لە ناوچەکانی گۆران دا پەیدا بوو بە هۆی بابا ئەردەلانی سەرۆکیان ، لە سەدەی چواردەی زایەنی ، زاری گۆرانی زمانی کوردی ، زمانی ڕەسمی ئاخاوتنو ئایینو ڕێبازە ئاینی یەکانی ئەو سەردەمە بووە لەو ناوچانەی گۆرانەکانی تێدا ئەژیان . گۆرانەکان مەڵبەندو شوێنێکی فراوانیان داگیر کردبوو لە کوردستانو بە زۆر جێگاو شوێنی دا بلاو بیوونەوە .

ئەگەر ئاورێك لە هۆنراوەکانی (عێلّ بەگی جاف)ی ئەهلی هەق بدەینەوە ، کە تا ئێستا جگە لە نووسەرێك بە ناوی (صدیق صەفی زادە بۆرەکەیی) ، کەس بەرهەمەکانی بە تەواوی نەگەیاندوەتە چاپ کردن ، ئەوی ئەو نووسەرەش بە چاپی

گەیاندووە . . هێشتا کەم‌و کوڕی تێدا ئەبینرێ . بە هەر حاڵ ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لە ڕوانگەی هۆنراوەی عێلێ بەگی‌یەوە لە زاراوەی (گۆران) بگەین . عێلێ بەگی بە گوێرەی بێدار بوونەوەی لە دونیای مەعنەویات ، پێی گەیشتووە کە ڕێبازێ وا لە ناوچەی کوردەکانی گۆرانەو باسی خوا ناسی‌و کەراماتی پیرە پایە بەرزەکانی پێ ئەگات ، واز لە تیرەو هۆزەکەی دێنێ‌و ڕوو ئەکاتە (داڵەهۆ) وەك خۆی وتوویەتی :

**«دایکە ئەڕۆم بۆ (داڵەهۆ)**
**کوێری ئەکەم باوانی تۆ**
**تەرکی قەوم‌و باوان ئەکەم . . .»[19]**

تاثیرە زانیمان عێلێ بەگی بە تەمای تەرك کردنی قەوم‌و باوانی بووە ، ئەیەوێ زوو خۆی بگەیێنێتە ناوچەکانی دەورو بەری داڵەهۆ . باشە بۆچی ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لێرەدایە کە وتوویەتی :

**«کێ بە قەولی کێ دەکا ؟**
**من بە قەولی (گۆران) دەکەم !»[20]**

لێرەدا بە تەواوی دیارە کە عێلێ بەگی چووەتە ناو ئەو خەڵکە کۆمەڵێ بووەی پێیان وتراوە «گۆران» ، کە سوڵتان ئیسحاق ڕێبازەکەی لە ناویان دا بڵاو کردەوە . مانای تەواوی دێرەکە بەم جۆرە دێ : کێ گوێی لە قسەی کێ ئەبێ ، من گوێم لە قسەو باسی کەس نابێ ! بەڵکو گوێم لە قسەو باسی (گۆرانەکان) ئەبێت کە پەیرەوی ڕێبازی ئەهلی هەقن . لە نووسینە ئایینی یەکانی ئەم ڕێبازە ، زاراوەی گۆران بۆ ناوی کۆمەڵێك لە کورد هاتووە وەك ئەڵێ :

**«عابەدین ئەوەی تۆ کردووتە بە (گۆران)**
**ئەزیەتی یارت‌دا ، بە قوران»[21]**

یان هاتووە ئەڵێ :

**«خرۆشی یاران مەستا مەستم دی**
**پەی (دەور گۆران) یار پەرستم دی»[22]**

**ناوی ڕێبازەکەو چەند ڕوون کردنەوەیەکی پێویست :**

ئایا ناوی ڕاستەقینەی ئەم ڕێبازەی سوڵتان ئیسحاق چی‌یە ؟ کەی بە ئەهلی هەق ناسران ؟ کام ناو یا زاراوە پەسەندە بۆ ناوی ڕێبازەکە ؟ ئەوەی ڕاست بێت تا ئێستا ناوێ یا زاراوەیەکی سەر بەخۆ بەسەر ناوی ئەم ڕێبازەی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی دا ، دانەبڕاوە . بەڵکو پتر لە چەند زاراوەو ناوێك بەکار هێنراوە . . مەبەستیش لەم هەموو زاراوانە ئەوەیە کە بوترێ ئەمانە (پەیڕەوی یانی سوڵتان ئیسحاق)ن ، کە بەم جۆرەیان ناولێنراوە ، (یارستان ، تایفەستان ، ئەهل‌هەق ، کاکەیی ، سارلوو ، دین‌یار= یاری ، عەلی ئیلاهی . . هتد) . ئەم زاراوانەی ناومان بردن ، بەشێکیان لە لایەن خەڵکی نامۆی ڕێبازەکەوە دەر پەڕیوەو دابڕاوە بەسەر ناوی ڕێبازەکەی ئیسحاق دا ، کە لە ڕاستی‌دا هەندێکیان هیچ پەیوەندی یان بە سوڵتان‌و یارانی ئەوەوە نی‌یە . هەموو ئەزانین کاتێ عێراق لە لایەن ئینگلیزەوە داگیر کرا ، گەلێ خۆرهەڵات‌ناس‌و گەڕیدە هاتنە کوردستان‌و هەر یەکەیان بۆ کارو بەرژەوەندی مەبەستی تایبەتی خۆیان . دیارە قسە ناراستەکانی (ئەدمۆندز) لە پێش چاوی هەموو نیشتمان پەروەرێك دا زەق ڕاوەستاون ، کە چۆن قسەی پرو پووچی بۆ (هەقە)کان دروست ئەکردو ئاژاوەی لە نێوانی ئەوان‌و گوندەکانی دەورو بەریان خۆش ئەکرد بە پیلان گێران دژی بیرو باوەڕی کۆمەڵەی هەقە .[23] .

هیچ لاتان سەیر نەبێ کە تەنها ئەدمۆندز لەو جۆرە قسە ناراستی یانەی بە کۆمەڵێك لە گەلی کورد وتبێ ! بگرە زۆر گەڕیدەو خۆرهەڵات ناسی تر هەن ، برێ ورینەو قسەی دور لە ڕاستی‌یان نوسیوەتەوە لە یاداشتەکانی خۆیان دا ، کاتێ گەڕاونەتەوە مەڵبەندەکانیان . . ئەگەر تەماشای بەشی دووەمی کتێبی (رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان)[24] ی مێجەرسۆن بکەین لاپەرە (١٦٥) ، ئەبینین نووسەر ئەیەوێ باسی ڕێبازی سوڵتان ئیسحاق بکات ، کەچی هاتووە باسی کۆمەڵێك ئەکات کە بە عەلی ئیلاهی بە ناوبانگن‌و گەلێ ورینەی تۆمار کردوە . نووسەر نەیزانیوە ئەمانە گرۆپەکی ترن‌و هیچ پەیوەندی یەکی ڕاستەو خۆو ناراستە خۆیان بە سوڵتان ئیسحاقەوە نی‌یە . ئەوانەی بە (عەلی ئیلاهی) ناسراون ڕێبازێکی تایبەتین‌و لە لایەن (عبد الله بن سبأ)وە ، لە زەمانی

چوارەم خەلیفەی ئیسلام (عەلی کوری ئەبو تالیب) خوای لێ ڕازی بێ ، دروست کراوە . بروا ناکەم بە زمانی کوردی نووسراویان هەبێ ! بەڵام ئەم ڕێبازەی ئیسحاق کوڕی شێخ عیسێی بەرزنجی لە نیوەی سەدەی حەوتەم‌و سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچی لە کوردستان بڕیار دراوەو نووسراوەکانی بە زمانی کوردین ، هیچ جۆرێ لە بیرو باوەڕیان نابێتە یەك لە گەڵ ئەو ڕێبازە ناوبراوەدا .

(مینۆرسکی)[٢٥] یش ، نووسینێ زۆری دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردو بیرو باوەڕی جیاوازی ئایینی کوردەواری تۆمار کردەوە. سەبارەت بە ئەهلی هەق‌و عەلی ئیلاهی نووسراوی زۆر هەیە ، لە گەڵ ئەوەش دا نەگەیشتووەتە ئەو ڕاستی‌یەی کە بزانێ ، ئایا ئەوانەی بە ئەهلی هەق ناسراون لە نووسینەکانی دا کێن‌و جیاوازی لە نێوان ئەمانەو گرۆی عەلی ئیلاهی یەکان چی‌یە ؟ ! نووسراوی کامیان بە کوردی‌یە ؟ تەنها ئەوەندە هەیە باسی هەردوو لایانی لە زۆربەی نووسینەکانی دا تێکەڵ بەیەك کردووە ، جارێ ئەڵێ : عەلی ئیلاهی‌یەکان‌و جارێکیش ئەنووسێ ئەهلی هەقەکان ! لەوانەیە سوڵتان ئیسحاق لە یاد چوویێت کە ئەوەندە ناوی نەبردووە ، ئەگەر سەیری هەموو نووسینەکانی مینۆرسکی بکرێت . .

ئەبێ ئەوەش بڵێم ، ئەو نووسینانەی ناو کتێبەکانی (لغت نامۀ دهخدا)[٢٦]و (مێژووی کوردو کوردستان)[٢٧] ، فریان بەسەر ڕێبازی سوڵتان ئیسحاق بەرزنجی‌یەوە نی‌یە . کە زۆر لە نووسەران لە کاتی دووان‌و لێکۆڵینەوە لەسەر کاکەیی‌و ئەهلی هەق پەنای پێ ئەبەن . ئەونووسینانەی ئەوێ بڕوا بکەن باسی ڕێبازو گرۆی عەلی ئیلاهی ئەکەن‌و بیرو باوەڕەکانیش پێچەوانەی ڕێبازی سوڵتان ئیسحاقە . ڕاستە خاڵێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی خەڵکی نامۆ تێ بگەن کە ئەم دوو ڕێبازە یەك ڕێبازن ئەویش دیارە ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی ناوی ئیمامی عەلی لەهەر دوو لادا ، لای عەلی ئیلاهی یەکان پایەو مەقامی دیارە کە زۆر بەرز چوونە لەم بارەیەوە ! بەڵام لە لای ئەم گرۆ کوردە موسڵمانەی سوڵتان ئیسحاق کە ناسراون بە (ئەهلی هەق) ، شتێ لەو جۆرە قسەیەمان لە کەشکۆڵ‌و نووسراوەکانی ڕێبازەکەدا دەستگیر نابێ کە نەزانان بە هەڵە ئەیانەوێ بیدەنە پاڵ ئەم ڕێبازەی ئیسحاق . خۆشەویستی ئیمامی عەلی (ر.خ) لە ڕوانگەی چەند فەرموودەی پێغەمبەرەوە (د.خ) سەرچاوەی گرتووە لای گرۆیانی ڕێبازی ئیسحاق وەکو فەرموویە : «أنت أخي في الدنيا والاخرة» ، «من كنت مولاه ، فعلي مولاه» ، «أنا مدينة العلم وعلي بابها» ، «من احب علياً فقد أحبني ، ومن أحبني فقد أحب الله . . .» .

ئێمە کە هاتووین لێرەدا ڕوون کردنەوەك بکەین ، دەربارەی ئەو زاراوانەی دەست نیشانمان کرد لەپێشەوە . . ئەڵێین زاراوەی عەلی ئیلاهی بە هیچ جۆری پەیوەندی بە ڕێبازی ئەهلی هەق ئیسحاقەوە نی‌یەو ناشێ بەکاری بهێنین . پاشان بە گوێرەی ئەم لێ کۆڵینەوەیەی ئێرە . دیارە کام زاراوە ڕەسەنەو لە ناو نووسراوو ئەدەبیاتی ئایینی ڕێبازەکەدا هاتووە ، ئەگەر چی زاراوەی (ئەهلی هەق) تەنگی بە زاراوەکانی تر هەڵ چنیوەو بووەتە جێگەداریان بە گوێرەی بەکار هێنانی لە لایەن نووسەرانی کۆن‌و نوێ‌وە . بۆیە ئێمەیش لەم نووسینەدا پەیڕەوی زاراوەی (ئەهلی هەق)مان کردووە ، بۆ ئەوەی سەرانسەری ئەو خەڵکە بگرێتەوە کە پەیوەندن بە ڕێبازی سوڵتان ئیسحاقەوە . جا بە پێی توانا لێ دوانێ دەربارەی ئەو زاراوانە ئەکەین‌و کاتی هاتە کایەوەیان ئەخەینە پێش چاو .

**دوو زاراوەی (ئەهلی هەق) و (یارستان)**

لە ساڵی (١٩٤٩ز)دا ، نامەیەك لە لایەن (مەلا عەباس)[٢٨]ی زانای ئەم ڕێبازەوە ، نووسراوەتەوە ، کە دوو زاراوەی (یارستان‌و ئەهلی هەق) تێدا بەر چاو ئەکەوێت ، ئەمەش هەندێ لە دەقی نامەکە : «بۆ خزمەت جەنابی زۆر خۆشەویستم‌و یار وەفادار ئاشنای ئەزەلی برام السید محمد حیدر لە حیفزی گەورەی زاتی یەزدان بێ ئامین . زۆر زۆر بە کەماڵی ئیشتیاق هەر دوو چاووتان ماچ ئەکەم ئەگەر ئەحواڵیان ئەپرسی تۆزێ چاکین‌و هەموو وەختێك ساغ‌و سەلامەتی یاران لە خودای تەبارەك‌و تەعالا تەڵەب‌و تەمەننا ئەکەین . . زۆر موشتاق دیدارتانم فەقەت لەم وەختە پێم ناکرێ بێم بۆ زیارەتی

سەید عەباس



جەنابتان چونکە (یارستان) قبیلەگای میللەتە ئەبێ قسورمان عەفوو بکەن . . گەورە تا بچووکی (ئەهلی هەق) ئەبێ ئەهلی تەسلیم‌و تەوەکول بێ (وە بێ ئەمر هەق نمۆ هیچ کاریێ – وا نمەشانۆ گلاَیێ نەداریێ) چاوەکەم شەوو رۆژ لە فکرم دەرناچی هەموو یاران سەلامیان هەیە . . (١٩٤٩/٤/٥) حەسرەت کێش دوعا گۆیان – ئیمزا»[٢٩] بابزانین مەبەست لەم دوو زاراوەیە چی‌یە ؟ یەکەم چۆنیەتی بەکار هێنانی زاراوەی (یارستان) لە ڕستەدا لە لایەن بنووسی نامەوە ، بەم جۆرەی لە ناو ڕستە داناوەو ئەڵێ : (یارستان قبیلەگای میللەتە) . لێرەدا زاراوەی یارستانی بۆ ئەو شوێن‌و مەڵبەندو دێهات‌و ناوچە تایبەتی هۆزو تیرەی کا کەیی یەکانی داقووق بەکار هێناوە ، لەبەر ئەوە ناتوانێ بەجێی بێلێ‌و برواتە سەردانی دۆستەکەی ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەبێ خەڵکی بڕوات بۆ لای ئەو چونکە (یارستان)ی بە قبیلەی میللەتەکەی داناوە ، واتە جێگای ڕوو تێکردنی یاران‌و کۆمەڵ بوونیان تێیدا . دووەم بەکار هێنانی زاراوەی (ئەهلی هەق) لە لایەن بنووسەوە ، بەم جۆرەی خستووەتە ڕستەوە : (گەورە تا بچووکی ئەهلی هەق ئەبێ ئەهلی تەسلیم‌و تەوەکول بن) ، واتە مەبەست لە ئەهلی هەق بریتی‌یە لە ناوبردنی ڕێبازەکەی سوڵتان ئیسحاق . جا زاراوەی (یارستان) ، واتا بەر بڵاوەکەی ئەمڕۆی لای هەندێ کەس ئەم مەبەستە ئەگەیێنێ (پەیڕەوانی ڕێبازی ئیسحاق‌وناوی ڕێبازەکە) بێ گۆمان ئەمەش هەڵەیە ، چونکی ئەم زاراوەیە وەکو زاراوەیەکی ئایینی بەرپا بووە بۆ مانا گرتنەوەی دوو شت ، ناوی ڕێبازو ناوی تیرەو هۆزەکانی ڕێبازەکە ! ئەو زاراوەکانی تریان لەیاد بردووەتەوە وەك (دین‌یار ، تایفەستان) ، پاشان بۆچی زانای ئەم ڕێبازە بنووسیێ (ئەهلی هەق) بەو جۆرەی باسمان کرد . . لە ڕوی زمانەوە ئەم ووشە لێکدراوەی (یارستان)ە ، لە سەر کێشی (کوردستان ، عەرەبستان) هاتووە . ئەگەر هات‌و چۆنیەتی گۆ کردنی بە شێوەی (یارسان) بە دەم‌دا هات ، ئەوا ئەبێتە (یار+سان) و لە دوو وشەی (یار=برا ، خۆشەویست ، ئاشنا)و (سان=شاهـ ، سەردار ، گەورە)[٣٠] پێك دێت‌و تێکرا ماناکەی ئەبێتە (یاری شاهـ ، ئاشنای سەردارو گەورە . .) باشە ئەگەر هات‌و بەم جورە وشەی (کورد+سان) شی کرایەوە ئەبێ بگەینە چ ئەنجامێك ؟ ! ئەشێ بڵێین کوردی سان ؟ ! بێ گومان نەء ، لە بەر ئەوەی کوردستان بەو جێگاو مەڵبەندو شارو شوێنە جوگرافی‌یە دەوترێت کە سنورێکی دیاری کراوی هەیەو گەلی کوردی تێدا ئەژێت . لەبەر ئەوە (ستان =جێگا ، شوێن ، مەڵبەند) بو نموونە ئەڵێین (دارسان) واتە شوێن‌و مەڵبەندی دار ، ئەو شوێنەی دارێکی زۆری لێ ڕووا بێ . ئەڵێین (جەنگەڵسان) واتە ئەو شوێنەی ڕوەکێکی زۆری لێ ڕواوەو ئاویشی تێدایە . کەوابوو (یارسان) یش ، کە کورت کراوی (یارستان)ە ، بریتی‌یە لەو شوێن‌و مەڵبەندو جێگایەی سەردەمی سوڵتان ئیسحاق‌و یارانی ئەوی تێدا گیرسابوونەوەو بریتی بوون لە شارو دێهاتەکانی شارەزوورو هەورامان بە زۆری وەك (پردێوەر ، شێخان ، هاوار ، هاوارەکۆن ، شندرویێ ، داودان ، نەوسود ، گولعەنبەر ، گولپەت = گولپ ، بەڵخە ، سەرگەت ، چادرگە ، وەزیار ، سەراو ، سازان ، گریانە ، مۆردین ، هۆرین‌شێخان . . هتد)[٣١] .

لە دوو دێڕی ئایینی ئەم ڕێبازەی ئەهلی هەق ئیسحاق ئەم زاراوەی (یارستان)ەمان ، دێتە پێش چاوو کە دیسان بە مانای شوێن‌و مەڵبەند هاتووە نەك بۆ مەبەستێکی دی :

**«شۆن (یارسان) بەردم فرەو کەم**
**تا یاوام وە جای خەڵوەت خانەی جەم»**[٣٢]

## زاراوەی یاریی‌و دین‌یار :

یاریی ، واتە (المواخاة) یەك گرتن‌و برایی‌و هاریكاری . بە لای منەوە وا دێتە پێش چاو ، ئەم زاراوەیە ئەشێ بۆ ناوی ڕاستەقینەی ڕێبازی سوڵتان ئیسحاق ، لەبەر ئەوەی بەكار هێنانی ئەمیان كۆنترە لە (یارستان)و ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیسحاق‌و بە شێوەیەكی بەر بلاویش لە سەر زارو لە ناو نووسینە ئەدەبی‌و ئایینی‌یەكانی ڕێبازەكەدا بەكار هێنراوەو ئەبینرێ . بەڵام لەوانەیە ئەمڕۆ نەتوانێ بە تەواوی ناوی ڕێبازەكە بگرێتەوە ، لەبەر پەیدا بوونی زاراوەی (ئەهلی هەق) لەم دوایی‌یەدا ، كە تەنگی پێ هەڵ چنیوەو بووەتە جێگەداری . هەر چەندە زاراوەی ئەهلی هەقیش جوانەو ئەگونجێ بەكار بهێنرێ لەم بوارەدا

ئەم یاریی‌یە لە نێوانی یارانی ئەم ڕێبازەی ئیسحاق دا ، پەیرەوی كراوەو بە جوانترین شێوە ئەنجام دراوە وەكو لە قورئانی پیرۆز دا ئەفەرمێ ، «انما المؤمنون اخوة» الحجرات/١٠ .

یا وەكو پێغەمبەر (د . خ) لە بارەی برایەتی‌یەوە فەرموودەیە زۆری فەرمووە . ئەمانیش پەیڕەوی قسەی خواو پێغەمبەریان كردووە ، لەناو خۆیان‌دا یەك بەوی دی وتووە (یار=برا ، كاكە) وئەم (یاریی)یەی لێ پەیدا بووە كە بە واتای یەك بوون‌و برایەتی‌و هەرەوەز دێت . دیارە بە هاتنە دی ئەم (یاریی) برایەتی‌یە ، كەس دەوڵەمەندو هەژار نابێ ! ئەوەتا لەم سروودە ئایینی‌یەی (دەروێش نەورۆز)ی گۆران ئەو ڕاستی‌یەمان دەست گیر ئەبێت كە وتوویەتی :

**«ڕازی‌مەندی‌یەن . .**
**(یاریی) زۆر نی‌یەن ڕازی‌مەندی‌یەن**
**نەجای گەزافەن نە مەرد ڕەندی‌یەن**
**وە لوتف خواجام گەدا غەنی‌یەن» (٣٣)**

بە پەیدا بوونی ئەم برایەتی‌یە لە ناو ئەم ڕێبازەی ئیسحاق‌و كۆمەڵانی گۆران ، وای لێ هات زۆر لە زاناو دەسەڵاتدارەكانی كوردستان بێنە سەر ئەم ڕێبازەو ببنە هەڵگری دروشمەكەی . نموونەش بۆ ئەم قسەیە زۆرە ، یەكێك لەوانە (عابەدینی‌نوراللەی جاف)ە ، كە پێش ئەوەی بەم ڕێبازە ئاشنا بێت . . زۆر جار ئازیەتی یارانی ئیسحاقی داوەو تیرو توانجی تێ گرتوون ! بەڵام كاتێكیش هاتووە نێو ڕێبازەكەوە ، بووە بە كاكەیە بەرزو بەبێ جیاوازی وەكو برا لە نێوان یاران دا ڕەفتاری لەگەڵ كراوە .

ئەم برایەتی‌یەی ئیسحاق دایهێناو پەیرەوی كرد زۆر لە هۆزو تیرە كوردەكانی دەست گیر بە ڕێبازەكەی بوون ، لەوانە (زەنگەنە ، جاف ، ورمزیار ، تفەنگچی ، گۆران ، لەك ، چۆلمەك ، ئومەرمل ، هەورامی ، هەمەوەند ، شوان ، قەرەسەنی ، هەفتەغاری ، سازانی . . هتد[٣٤] ئەمەش نیشانەی ئەوەیە كە ئەم ڕێبازەی ئیسحاق ڕێگایەكی پاكی خواناسی بووە ، هەروەها دەرگای واز بووە لەسەر پشت بۆ هەموو كەسێ .

ئەتوانین بڵێین ئەم ڕێبازەی ئیسحاق ، لە پێش‌دا بە ناوی (ڕێبازو دینی یاریی) دەنگی داوەتەوە لە ناو خێڵەكانی گۆرانی شارەزوورو هەورامان ، لەم بارەیەوە هەمان شاعیری ئایینی (دەروێش نەورۆز)ی گۆران وتوویەتی :

**«هو هوی مەیدان (دین یاری) مەن**
**قەتڵ شكاكان ئەغیاری مەن**
**دڵ وەی دامو دەست كەمەند داری مەن**
**نیشانەی بازگیر دەور (یاری) مەن» (٣٥) .**

سوڵتان ئیسحاقیش لە بارەی یاریی‌و برایەتی یەوە فەرموویەو ئەڵێ ، بكەونە شوێنی‌و پەیدای بكەن بە زمانێكی خۆش‌و پاك‌و شیرین :

**«ئەو شۆن یاریی . . .**
**غوڵامان بگندێ ئەو شۆن یاریی**
**دامەی پیر شەرت وە وەشی زاریی**
**بەیدێ وە سەنای پیر دیاریی» (٣٦)**

## زاراوەی (كاكەیی)و پەیدا بوونی :

ئەم زاراوەیەش چەشنی زاراوەی (یاریی) ، لە نێو سروودو ئەدەبیاتی ڕێبازی ئیسحاق بەدی ئەكرێت‌و زیاتر بە كۆمەڵە كەسانێك وتراوە كە پەیوەندن بە ئیسحاقەوە ، نەك بۆ ناوی ڕێبازەكە ، چۆن ؟ ! ، ئەڵێین ئەگەر ناوی ڕێبازەكەی ئیسحاق

بنەین کاکەیی ، ئەمە هەڵەیە ! بۆچی ؟ لەبەر ئەوەی زاراوەی کاکەیی سەرانسەری ئەو خەڵکەی (گۆران)و ئەوانەی لە هۆزو تیرەکانی کوردی دەستگیر بووی ڕێبازەکە ناگرێتەوە . بەڵکو زاراوەکە وەکو ناوی عەشیرەتێك لە مێژوودا تۆمار کراوە ، وتوویانە ڕێبازێکیان هەیەو پێی ئەڵێن :

ئەهلی هەق‌و تایفەستان‌و علي ئیلاهی . . خەڵکی هاوسێی کاکەیی‌یەکان کە زانیویانە ئەمانە ڕێبازێکیان هەیە بە پێویستیان نەزانیوە ناوی ڕێبازەکەیان بەرن بەڵکو هەر وتوویانە کاکەیی ! کاکەیی زیاتر لە عێراق ناسراوەو ئەوانەی بە خۆیان ئەڵێن کاکەیی بە واتای عەشیرەتەوە ئەدوێن نەك بە ناوی ڕێبازەوە . واتە ئەوەی هاتووەتە ناو ڕێبازەکەوە لە پێش‌دا هاتووەتە ناو عەشیرەتی کاکەیی‌و تێکەڵاویان بووە[37] . کاتێ دەستگیری ڕێبازەکەیان بووە ، وتوویەتی من کاکەیم واتە لە عەشیرەتی کاکەیی‌یە کابرا . . بۆیە هەندێ کەس لە هۆزی کاکەیی ئەڵێ : (من لەکم ، چۆڵمەکم ، قەرەسەنیم ، جافم ، شوانم . . .) یانێ لە ڕاستی‌دا لە هۆزی کاکەیی نەبووەو لە شوێن کەوتەکانی ئیسحاق نەبووە لە پێش داو پاشان هاتووە ناو هۆزی کاکەیی‌و گیرساوەتەوەو دەستگیری ڕێبازی ئیسحاق بووەو . ئەوجا بە خەڵکی وتووە من لە کاکەیی یەکانم .

کاکەیی لە وشەی (کاکە ، برا) وە ، پەیدا بووەو یایی نیسبەی چووەتە سەرو بووەتە کاکەیی ، واتە (برایی ، برایەتی) . پەیدا بوونی زاراوەکە لە (بەرزنجە) دا بووە ، چونکێ وشەی (کاکە) کاتێ پەیدا بوونی‌و هاتنە کایەوەی دیارەو ئەگەڕێتەوە بۆ موعجیزەی (کاکە بکێش)ی ڕایەڵی تەکیەی بەرزنجە ، لەو کاتەی ڕایەڵ لە دەستی سوڵتان ئیسحاق‌دا درێژ بووەتەوەو (شێخ عیسێ)ش لە ئیسحاقی کوری ئەپرسێ‌و ئەڵێ کێ ئەم موعجیزەیەی نواندووە ؟ !

ئیسحاقیش لە وەڵام دا بە باوکی ئەڵێت (کاکەت) واتە لە خۆت گەورەتر لە کاری موعجیزات نواندنا . لەمەوە ئیسحاق بوو بە (کاکە)و بەو خەڵکە شوێن کەوتوانەی ئیسحاقیشیان وت (کاکەیی) واتە عەشیرەت‌و کۆمەڵە دوا کەوتووەکانی کاکە ئیسحاق . بێ گومان ئەم (کاکە) یە لە کاتێك دا ڕووی داو پەیدا بوو (هێشتا سوڵتان ئیسحاق بەرزنجەی جێ نەهێشتبوونەچووبوە ناو گۆرانەکان‌و بڕیاری دامەزراندنی ڕێبازەکەی نەدابوو) بۆیە ناشێ بە سەرانسەری هەموو ئەوانەی لەسەر ڕێبازەکەن بوترێ کاکەیی‌و بە ڕێبازەکەش هەر کاکەیی[38] بوترێ ! بەڵام ئەوەیش دیارە کە سوڵتان کاتێك ڕێبازەکەی لەناو گۆرانەکانی هەورامان‌و شارەزوور بڕیاردا ، ئەوی تەمەسووکی بە ڕێبازە کەیەوە بکردایە . . بە وشەی (کاکە) پێشوازی‌و بانگ ئەکراو ئەبوو بە برایەك وەکو ئەوانی دی‌و هیچ جیاوازی یەك لە نێوانی ئەو کەسەو یارانی ئیسحاق نەدەما . سوڵتان ئیسحاق خۆی بووەتە (کاکەی کاکان) واتە گەورەی برایان ، وەك لەم وەر گرتەیەدا دیارە :

**«کاکەی کاکانم . . .**

**دام شەرت وە دەست کاکەی کاکانم**

**ئەراگێڵی یار یەخەی چاکانم**

**ئەسلاونۆ وە وێم خواجای پاکانم»[39] .**

پەراوێزەکان

١ – بۆ ئەم مێژووانە بڕوانە ئەم سەرچاوانە : (سرودهای دینی یارسان . ماشاء الله سوری . چاپی تەهران ١٣٤٤ی فارسی . نووسەر ساڵی (٥٢٨ك) داناوە ، (کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی کاکەیی . هەردەویڵ کاکەیی . چاپخانەی أسعد . بەغدا ١٩٨٤ . (نووسەر لە ل ٤٠٨ مێژووی ١٢١٤ – ١٢٥٦ز داناوە) ، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی‌یەوە . دکتۆر مارف خەزنەدار . چاپخانەی المؤسسة العامة للدعاية والطباعة . بەغدا ١٩٨٤ . لە ل ١١٧ مێژووی ٧١٦ ه/١٣١٦ –١٣١٧ز داناوە) ، (کرد وترك وعرب . سی . جی . ئەدمۆندز . وەرگێرانی جەرجیس فتح الله . چاپخانەی تایمس . بغداد ١٩٧١ . (نووسەر لە ل ١٧٠ بەشی الکاکائیون مێژووی ٦٧١ ه/١٢٧٢–١٢٧٣ز داناوە) لە گەڵ بڕێ سەرچاوەی تر .

٢ – بڕوانە کتێبی کاکەیی . محەمەد ئەمین هەورامانی . چاپخانەی الحوادث . بەغدا ١٩٨٤ . ل ١٦٩ هەروەها بڕوانە (سرودهای دینی یارسان) . ماشەڵلاسوری .

٣ – بنەماڵەی زانیاران . عبد الکریم مدرس چاپی یەکەم . چاپخانەی شفیق بەغدا ١٩٨٤ ل ٢٧٥

٤ – لە دەستنووسێکی تایبەتی کە ژیانی بڕێ ناودارو گەورە پیاوی ڕێبازی ئەهلی هەق تێدایە ئەم مێژووە تۆمار کراوە بەرامبەر بە ناوی پیر میکائیل داودانی .

٥ – دفتر رموز یارستان گنجینهٔ سلطان صحاك . سید قاسم افضل شاه ابراهیمی چاپی تەهران ل ٤٩ دەفتەری شندروێ .

٦ – بنەماڵەی زانیاران عبد الکریم مدرس ل ٢٦٧ .

٧ – ڕموزی یارستان سید قاسم ئیبراهیمی . سەرەتای کتێبەکە ل ٢٤

٨ – بڕێ‌یە لە دەستنووسێکی تایبەتی‌و بڕێ ناوداری ئەهلی هەق تێدایە .

٩ – بڕوانە سرودهای دینی یارسان ماشاء الله سوری هەروەها کۆمەڵە شیعری مەلا عەباس حیلمی کاکەیی . هەردەویڵ کاکەیی .

١٠ – ئەم زاراوانە لەناو نووسین‌و ئەدەبیاتی ئاینی ڕێبازی ئەهلی هەق پێش چاو ئەکەون .

هەندێ جار مەبەست لە سوڵتانو مەولاو شاهـ لە بری ناوی خودا بەکار هێنراوە . بەڵام لە شوێنی تردا بە مانای (گەورە) بۆ بەندە دێت . بۆیە ئەبێ ئاگاداری ئەم لایەنە بین .

١١ – بڕوانە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق (دەستەی کورد) بەرگی حەوتەم ساڵی ١٩٨٠ بابەتی بندنیجین (مندلی) في التاريخ قديما وحديثا ل ٤٢٩ .

١٢ – دفتر رموز يارستان . سيد قاسم ئيبراهيمی . بەشی شاهـ ئیبراهیمو یادگار ل ٢٩ .

١٣ – لە کەشکۆڵو نووسراوە پیرۆزەکانی ڕێبازەکە ، تەنها ناوی ئەم سێ کوڕەی شێخ عیسێ هەیە . بەڵام ئەمڕۆ ئەڵێن شێخ عیسێ دوازدە کوڕی هەبووە .

١٤ – لە ڕاستی دا ئەم (ڕێباز – مذهب) ەی سوڵتان ئیسحاق ، خۆی بە شێوەیەکی سۆفیزمی پیشان ئەدات . . واتە مذهەبێکی سۆفیزمی پێك دێنێو هەر لەناو خۆیدا ڕێڕەوێکی تایبەتی تەریقەت ئەنوێنێ . لەبەر ئەوە لەم نووسینەدا ، وشەکانی ڕێبازو ڕێڕەو دێنە پێش چاو . هەندێ جاریش (گرۆ ، کۆمەڵ) ئیسحاق بۆ خەڵکەکە وتراوە .

١٥ – بڕوانە شەرەفنامەی شەرەف خانی بەدلیسی . کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٣ ل ١٢٧ .

١٦ – بڕوانە زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوورد دا . محەمەد ئەمین هەورامانی . دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاو کردنەوەی کوردی بەغدا ١٩٨١ ل ٢٠–٢٤ .

١٧ – لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە . دکتۆر مارف خەزنەدار . ل ٨٩–٩٠

١٨ – گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد . بەرگی یەکەم . چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد . بەغدا ١٩٧٣ ل ١١ ئەسڵی پیتە قاڵبی «ئەی شێوەی سلێمانی ، توفیق وەهبی .

١٩ – برێتی یە لە هۆنراوەی عێلێ بەگی جاف ئەهلی هەق .

٢٠ – ئەم هۆنراوەیەی عێلێ بەگی زۆر درێژە . خوا لێخۆش بوو مامۆستا (نەجمەدین مەلا) لە ڕۆژنامەی ژین ژمارە (١٣٦١)ی ساڵو ڕۆژی ١٩٥٧/٩/١٩ بە ناو نیشانی شیعرو شاعیرەکانمان هۆنراوەکەی بڵاو کردوەتەوەو نووسیویە «زاناو شاعیری پێش بین (ئێلێ بەگی) ناوی (مەلا عبد الوهاب) و لە نەوەی شاعیری پێش بین (شێخ نعمە اللهی وەلی) یە لە سەرەتای سەدەی یازدەهەمی هیجری لە ناوچەی (مایەدەشت)ی کرماشان هاتووەتە دنیاوە» . بە داخەوە هۆنراوەکە ناتەواوی تێدایەو هیوادارم بتوانم هەموو شیعرەکانی عێلێ بەگی لە ڕوانگەی دەستنووسێکی تایبەتی کە لام پارێزراوە بکەمە یەکو بڵاوی کەمەوە .

٢١ – دفتر رموز يارستان . سيد قاسم ئيبراهيمی . ل ٧٣ دەفتەری عابدین باش چاوش .

٢٢ – سەرچاوەی پێشوو . بەرگی چوارەمی کتێبەکە ل ٢٤ بریتین لە هۆنراوە ئایینی یەکانی (دەرویش نەورۆز)ی سۆرانی ، ئەم هەستیارە لە ساڵی (١٢٦٠ك) لە گوندی (سۆران) لە دایك بووەو یەکێکە لە خۆشخوانانی ڕێبازی ئەهلی هەقو زۆر هۆنراوەی سۆفیزمی وتووە ، بە تایبەت کاتێ چووەتە خزمەت (سەید براکە) .

٢٣ – بڕوانە ئاوڕدانەوەیەك لە بزوتنەوەی «هەقە» . مستەفا عەسکەری . چاپخانەی علاء . . بەغدا س ١٩٨٣ . (زۆرم لەم کتێبە سوود بینیوە بۆ دارشتنی بیرەکانم) .

٢٤ – بڕوانە رحلة متنكر الى بلاد ما بين النهرين وكردستان . مێجەرسۆن وەرگێڕانی فؤاد جميل . بەشی دووەم ل ١٦٥ .

٢٥ – ڤلادیمێر مینۆرسکی ، لە هەموو کەسێ زیاتر گرنگیی داوەتە ڕێبازی ئەهلی هەقو وبستوویەتی بچێتە بنجو بناوانیەوە . زۆری لەمو لەو پرسیوەو بیستووەو بە دەست هێناوە جگە لەوەی کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام)ی بە چاپ گەیاندووە . بەڵام بەڕاستی نەی زانیوەو نەی وتووە ئەو قسانەو کتێبەکە هی عەلی ئیلاهی یەکانە یا ئەهلی هەق ؟ ! ئەبوایە بۆ زاراوەی عەلی ئیلاهی بیروانیایەتە بە سەرەنجام کە دەستی کەوتبوو تا بیزانیبا ئەو زاراوەیەی تێدا هەیە یان نە ؟ ! مینۆرسکی خۆی زاراوەی عەلی ئیلاهی بۆ بەکار هێناون وەك ئەڵێ (عەلی ئیلاهی یەکان بە خۆیان ئەڵێن (ئەهلی هەق) ! کەواتە کوردی گۆران عەلی ئیلاهی نینو پێیان خۆش نەبووە بەم ناوە ناو بنرێن . بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٨)ی لاپەڕە (١٢٢) کتێبی کورد . مینۆرسکی . وەرگێڕانی بە کوردی حمە سعید حمە کریم . چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ١٩٨٤ .

٢٦ – بڕوانە فەرهەنگ (لغت نامة دهخدا) ئەم سەرچاوەیە لە لاپەڕە (١٤٠–١٤٣) بەرگی چوارەمی دا دەربارەی (عەلی ئیلاهی) دواوەو چەند خاڵێکی لە بیرو باوەڕەکانیانی تۆمار کردووە کە هیچ پەیوەندی یەکی بە ڕێبازی ئەهلی هەق سوڵتان ئیسحاقەوە نی یە .

٢٧ – بە داخەوە مامۆستا ئەمین زەکیش سوودی لە چەند سەر چاوەیەکی بێگانە وەر گرتووە کە دەربارەی عەلی ئیلاهی ئەدوێنو لە کتێبی (خلاصة تاريخ الكرد وكردستان) بەر چاو ئەکەوێ بێ ئەوەی خۆی لەم بوارەدا پشکنینی کردبێو بزانێ ئەوانە کێن بە عەلی ئیلاهی ناسراون لە ناو کوردا .

٢٨ – زانایەکی زیرەكو دانایەکی بلیمەتی ڕێبازی ئەهلی هەقو هۆزی کاکەیی بوو ، ناوی (عەباس کوڕی سەید وەلەد کوڕی سەید وەلی وێزی) یەو لە نەوەی سەید احمدی میری سوری کوڕی سوڵتان ئیسحاق شێخ عیسێ بەرزنجی یە . لە نزیکی ساڵی ١٨٨٢ز لە شاری کەرکووك ، لە خێزانێکی ئایینی هاتووەتە دنیاوە . گەشتی زۆری لە نێوان شارەکانی عێراقو کوردستاندا کردووە بۆ لای موریدو یارانی . لە ڕێکەوتی ١٩٦٦/٦/٧ لە دێی تۆبزاوە کۆچی دوایی کردووەو ئارامگای لە گۆڕستانی (حەواش)ی عەلی سەرای سەر بە ناحیەی داقوقە .

٢٩ – کۆمەڵە شیعری مەلا عەباسی حیلمی کاکەیی . هەردەوێڵ . چاپخانەی أسعد بەغدا ١٩٨٤ ل٤٦ .

٣٠ – (سان) بە واتای ، (گەورە ، سەردار ، شاهـ) دێت ئەمە ڕاستە . بەڵام (ستان) بە واتای شوێنو جێگاو مەڵبەند دێت ، کە وترا یارستان – واتە شوێنی یار ، برا . ئەو شوێنەی لە هەر کوێ بێ لە سەر زەوی کە برایانی ڕێبازی ئیسحاق تێدان . ئەمەش مانای ئەوە نی یە کە (سان)و (ستان) یەك نین . بەڵکو یەکن چونکە کورد فرە ئەو (ت) یە بفرتێنێ وەك وشەی (زمستان ، زمسان) لە هەورامیو ماچۆی گۆراندا . ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەوانەی لەم باسە دو دڵن بە تایبەت نوسەرێ لە هاوکاری ژمارە (٨٤١) ساڵی ١٩٨٦ ڕەخنەی لەم بۆ چوونە هەیە .

٣١ – زۆربەی ئەم دێهاتو شارانە لە کەشکۆڵو کتێبە پیرۆزەکانی وەك (سەرەنجام) دا ناویان هەیەو یارانی ئیسحاق تێیدا نیشتەجێ بوونە ، لەوانەشە زۆربەیان ئەوان ئاوەدانیان کردبێتەوە وەك (هاوار – هاوارەکۆن – داودان – شێخان – پردیوەر یەکەم بەردی بناخەی بە دەستە پیرۆزەکانی داود بنیات نراوە . سازان – گریانە) . . بەم شوێنانەش وتراوە یارستان .

٣٢ – دەفتر رموز يارستان . سيد قاسم ئيبراهيمی . ل ٥ بەشی شەشەم (تەیمور) ، تەیمور بۆرێزێکی ئایینی ئەم ڕێبازەیەو لە ساڵی ١٢٤٦ك لە گوندی (بانیاران) هاتووەتە دنیاوە . ناوی باوکی (ڕەزا) یە ، تەیمور خۆی گەیاندوەتە خزمەتی سەید براکەو لای ئەو پێگەیشتووەو بووە بە ناودارێکی بەناو بانگی ئەهلی هەق .

٣٣ – سەرچاوەی پێشوو . بەرگی پێنجەم . ل ٣٥

٣٤ – بریتین لەو تیرەو هۆزانەی کوردەواری ، کە لە هەر یەکەیان چەندەها خێزان دەستگیری ڕێبازی ئەها , هەق سوڵتان ئیسحاق بوونەو خۆیان بە بەشێ لە هۆزی گەورەی کاکەیی ئەخوێنەوە .

٣٥ – بڕوانە دفتر رموز يارستان . بەرگی چوارەم ل ٩٩ بەشی نەورۆز

٣٦ – سەرچاوەی پێشوو بەرگی حەوتەم ل ٣٣ بەشی تەیمور

٣٧ – چەندەها خێزانی وەك ، لەكو چۆڵمەكو قەرەسەنیو هەفتەغاریو ئومەرملو ورمزیار لە کاتی خۆی‌دا تێکەڵ بە عەشرەتی کاکەیی بوونەو لە گەڵیان گوزەرانیان کردووە پاشان هاتوونەتە سەر ئەو ڕێبازەی کە کاکەیی یەکان لە سەری بوون ، واتە ڕێبازی ئەهلی هەق . یانێ لە ڕاستی‌دا ئەوانە لەم هۆزە نەبوونەو لە سەر ئەم ڕێبازەش نەبوونە . کاتێ هاتوونەتە ڕیزەوە ، بوونە ئەهلی هەق بەڕێبازو ، کاکەیی بەهۆز . ئێستاش کەسانێ هەن لە ناو کاکەیی دا بە خۆیان ئەڵێن کاکەیی – لەبەر ئەوەی لە ناو هۆزەکە ئەژین – بەڵام دەسگیری ڕێبازەکە نەبوونە .

٣٨ – زاراوەی کاکەیی ، برایی و بە برا بوون ئەگرێتەوە ، بریتی یە لە پەیرەوی فەرمانی ئیسحاق بەوەی هەریەکێك یارو برای ئەوی ترەو ئەنجام ئەدرێ . بەڵام خۆ ناوی ڕێبازەکە نی یە ؟ ! ئەهلی هەق ناوی ڕێبازەکەی ئیسحاقەو بەو جۆرەشیان وتووە ئیتر بۆ بەو خەڵکە بوترێ کاکەییو بە ڕێبازەکەشیان هەر بڵێن کاکەیی ! ! ؟

٣٩ – دفتر رموز يارستان . بەرگی حەوتەم ل ٦٠ بەشی تەیموور